# نەرویج لەیەکگرتنەوە تاکو سەربەخۆیی

(کورتە مێژوێکی نەرویج بەبۆنەی رۆژی سەربەخۆیی)



## بێکەس بەرواری

نەرویج مەملەکەتێکی ئەسکەندەنافی یە وە شاه (مەلک) هارالاد هۆکۆن ی پێنجەم شاهی ئەم ولاتەیە,لە دایکبوی1 1937.2.2.وە لە ئۆسلۆ ی پاتەخت دەژیت. ئەم ولاتە ( 155 ,385 کم2 ) ,تاکۆ 2005.1.1 ژمارەی دانیشتوانی4,604,800 کەس بوە , پارەکەی کرۆنی نەرویجییە .

سیستەمی ئەم ولاتە سیستەمێکی مەلەکی دەستوری دیموکراتی پەلەمانی یە وەپەرلەمانەکەی لە 165 نوێنەر پێک دێت . وەشاه تەنها سۆمبۆلێکی ولاتەکەیە وەدستهەلاتی سیاسی لە دەست نوێنەرانی گەلدایە (پەرلەمان ) وەهەرچوار سال جارێک هەلْبژاردنەکان بۆ پەرلەمان لەم ولاتە ئەنجام دەدرێت وەپارێزگاکان وناوچەکان دەستهەلاتێکی ناوچەی فراوانیان هەیە .لەم ولاتەدا ئازادی را دەربرین وخۆپێشاندان وچاپەمەنییەکی فراوان هەیە ویەکسانێکی گەورە هەیەلەنێوان ژن وپیاودا وە ئابوریێکی بەهێزی هەیە .

نزیکەی 12000 سالْ پێش زایین لە چەرخە بەردینەکاندا ئەسکەندەنافیا ناوچەیێکی بەستراو (بەفرین-متجمد) بوو وەدوای گورنکاری وگەرمبوونەوە ی ناوچەکە بۆ جێگای روتێ کرنەوەی راوچیەکان وەراوچیەکان بە کەسانی یەکەم دەژمێردرێن کە رۆیان لەم ناوچەیە کردوە . لەنێوان 7000 -8000 پێش زاین بۆزەکە بەتەواوی توایەوەوەتاکۆ 2000 سال پێش زاین ژیانی خەلْکی ئەم ناوچەیە لەسەر راو بوو وبەتایبەت ئاسک وگرتنەوەی ماسی وەدوای ئەوە دەستیان کرد بە بەخێوکردنی ئاژەلْ وەکشتۆکالی . تاکۆ سالی 1400 تەنها 200000 کەس لەم ولاتە دەژیان .ئەم ولاتە ولاتێکی کریستیانە (مەسیحی یە )وە لەسالْی 1537 کۆتاییان بەدەستهەلاتی کاتولیکی پاپایی فاتیکانیان هیناوە وەبوون بو کرستیانی پرۆتستانتی وە دەستهەلاتی پاپا مارتین لۆتەری ئەلْمانیان قەبول کرد کە پێی وابوو کە دەبێت کیتابی پیرۆز لە زمانی لاتینیەوە وەربگرێتێەوە بۆ زمانانەی کە خەلْک قسەیان پێ دەکرد. لە کوتای سالی 1300 دەنیمارک ونەرویج بون بەخاوەن شاهێک (مەلیکێک ) وەئەمە دەستبێکێک بوو بو یەکگرتنێک کە نزیکەی 400 سالی خایەند . هەر لەسالی 1380 تاکۆ 1814 . بەلاْم نەرویج دەستهەلاْتێکی کەمی هەبوو لەناو ئەم یەکگرتنەدا .

هەموو کاتەکان شاە دەنیمارکی بوو وەزۆربەی بریارەکان لەکۆبن هاگن (پایتەختی دەنیمارک ) وە دردەچون.هەروەها ئەوکەسانەی کەبالادەست ودەستهەلات داربوون لە نەرویج زۆربەیان وە زۆربەی کاتەکان دەنیمارکی بوون .

لەسەرەتای سالەکانی 1800 شەر لە ئەوروپا دەستی پێکرد دەنیمارکی ونەرویجیەکان پشتگری ناپلیونیان کرد بەلاْم سوید پشتگیریان لە بەرهەلْستکار ولایەنە دژ بەناپلیونیان کرد وە وە روسیا وبریتانیا وەئەوانی تر . وەلەسالی 1913 کۆتایی بەشەر هات وەناپلیون شکستی هیناوە لەئەنجام دا

ولەکۆنفرانسی کیێل لەباکۆری ئەڵمانیا وەلەوێ بریار درا کە سوید دەستهەلات بەسەرنەرویج دا بگریت وە ئەم بریارە لە سالی 1814 جێ بەجێ کرا لەرێگای فیدرالیەوە (یەگرتنێکی ئارەزۆمەندانە .کە 91 سالی خایەند وە لەسالی 1905 نەرویج سەربەخۆی خۆی وەرگرت لە رێگای رێفراندۆمێکە وە کە خەلّکی نەرویج بریاری چارنوسی خویاندا وە کۆتاییان هینا بەو یەکگرتنە کە 91 سالی خایاندبوو وەپێش ئەوەش نزیکەی 400 سال لە گەل دەندیمارک بوون وەلەو رۆژەدا کۆتاییان هێنا بە یەکگرتنەوە لەگەل ولاتی دەنیمارک وسوید کە 500 سالی خایەند .

## یاسای بنەرەتی ( یاسای بنگەهین – دەستور) ¤

ئەو کاتەی کە نەرویجیەکان زانییان کەسوید دەست بەسەر نەرویج دا دەگریت زۆر کەس پرۆتۆستۆ وە نەرازیبوونی خۆیان دەربری وەدژی ئەوەبوون کەخەلّکێکی تر بریار لەچارەنوسیان بدات بەبێ ئەوەی پرس بەوان بکرێت . وەبەمەش رانەوەستان وە دەستیان کرد بەدارشتنی یاسایێکی بنەرەتی نەرویجی تایبەت بە ولاّتەکەی خۆیان وە بۆ ئەم مەبەستە لە 10 ئەپریلی 1814 بەنوێنەرایەتی گەلی نەرویجی 112 کەس لە میۆسا ناوچەی ئێیدسفۆل کۆبۆنەوە , وە لەدارشتنی یاسای بنەرەتی دا (دەستور ) ویستیان واتایک بدەنە کیانێکی نەرویجی وە سودیان لە دەستورەکانی ئەمریکی وفرەنسی وەرگرت , وە لە17 .5 .1814 کارەکەیان تەواو کرد وە بۆیەکەم جار لە مێژوی خۆیدا نەرویج بۆ بە خاوەن یەکەمین دەستوری خۆی . وە بەپێی بۆچۆنی بسێواران وشارەزایان ئەم یاسای بنەرەتی (دەستورە ) زۆر دیموکراتی وپێشکەوتووبوو لەو کاتەدا .وە چەند بریارێکی گرنگیان دابوو وەک :–

–نەرویج ولاّتێکی ئازادو سەربخۆبێت .

– خەلّک ئازادە لە رادەربرین وهەلبژاردنی ئایین .

– جیاکردنەوەی دەستهەلاّتەکانی حوکومەت وشاه (مەلک ) و داد .

– هەلّبژاردنی نوێنەرانی گەل بۆ پەرلەمان لەلایەن خەلّکەوە دەبێت.

پەرلەمان تاکە سەرچاوەبێت بۆ دانانی یاساکان وبەرنامەرێژی بۆ دەستهەلات وسەرمایە وە وەهەروەها شاهێکیان (مەلک ) یان هەلّبژارد کەببێتە شاهی ولاّتی نەرویجی سەربەخۆ . بەلاّم سویدیەکان ئەمەیان قەبول نەکرد وە دستیان کرد بەشەر دژی نەرویج کارل یۆهانی سویدی بە 40000 چەکدارەوە وە بەپشتگیری بەریتانیا هێریشی هێنا سەر نەرویج وە دوای تەنها دوو حەفتە لەشەر نەرویجیەکان شکستیان هینا وەچارەنوسی خۆیان دا بە دەستی سویدیەکان وەمەلیکە تازە هەلّبژێردراوەکە بەزۆرە ملێ لەنەرویج دەرکرا . وەلەسەر یەکگرتن رێک کەوتن .

ئایا یەکگرتنەکە چۆن بوە ؟

لەسەر ئەوە رێککەوتن کە هەردوو مەملەکەتی سوید ونەرویج یەک بگرن وە یەکگرتنەکە یەکگرتنێکی ئارەزۆمەندانەبیت . وە لەم یەکگرتنەدا نەرویجیەکان تارادەێکی باش سەربەخۆی خۆیان هەبوو . لە سالی 1884 سیستەمی پەرلەمانی لەنەرویج جێبەجێکرا . وەپەرلەمان دەستەهەلاّتێکی فراوانی وەرگرت بەلاّم دەستهەلاّتەکانی مەلیک زۆر سنۆردار وکەم کران .

سرۆدی نیشتیمانی نیشتیمانی

نەرویجیەکان بۆن بەخاوەن سرۆدێکی نیشتیمانی کە نوسەری گەورەی نەرویج لە سالی 1859 نوسی بەناوی (بەلێ ئەم ولاّتەمان خۆش دەوێت ) وە ئەو سرۆدە تاکۆ ئەمرۆ سرودی نیشتیمانی ئەم ولاّتەیە .

نەرویج بۆ لەسوید جیابووە وە بریاری سەربەخۆیی خۆیی دا؟؟

لە سالەکانی 1880 وە بۆ یەکەم جار پارتی سیاسی لە نەرویج دامەزرا وە پارتی کرێکاران وپارتی چەپ وپارتی راست دامەزران وە لە1884 وە سیستەمی پەرلەمانی جێبەجێ کرا وە بریاردرا کە نەرویجیەکان

دەستهەڵاتیان فراوانتربكرێت وەهەر لەسەرەتاوە كێشەی پەیوەندیەكانی دەرەوە یەكێك بوە لەكێشەهەر گرنگەكانی نێوان سوید ونەرویج چۆنكە سوید كۆنترۆلی پەیوەندیەكانی دەرەوەی كردبوو وە كۆنسلەكان و سەفیرەكان هەر هەمویان سویدی بوون وە كێشەی ماركەی بازرگانی كێشەیكی تر بوو چۆنكە هەر شتێك لەنەرویج بەرهەم ئەهێنرابا ئەوە ماركەی یەكگرتوو یان ( ماركەی فیدرالی )یان لێ دەدا بەڵام ئە و شتانەی كە لە سوید بەرهەم دەهێنران ماركەی سویدیان لێدەدا وەئەمەش ببوە هۆی تورەبوونی نەرویجیەكان وەململانێیكی 20 سالی لێ كەوتەوە وەتاكۆ جیابۆنەوەی نەرویج ئەو كێشەو چەند كێشەی تر بەردەوامبون وەخۆدی جیابۆنەوەكەش كێشە بوو چۆنكە سویدیەكان پێان وابوو كەدەبێت لە كاتی ڕێفراندۆم (ڕاپرسی ) دا سویدی ونەرویجی بریار لەچارەنوسی نەرویج بدەن وە نەرویجیەكان ئەمەیان قەبوڵ نەبوو چۆنكە ژمارەی سویدیەكان یەک جار زۆرتربوو لە نەرویجیەكان بۆیە نەرویجیكان پێان لەسەر ئەوەداگرت كەخۆیان بریاری چارەنوسی خۆیان بدەن وەلەئەنجامدا لەرێی ئەو ڕێفراندۆمەوە كە لە 1905.5.17 بەزۆرینەی دەنگ بریاری جیابونەوەیان دا .وە لەو ڕۆژەوە
ڕۆژی سەربەخۆیی لە 17 .5 دەكەرێت ؟

## 5.17 ڕۆژی سەربەخۆیی نیشتیمانی نەرویج

رۆژی 17 مانگی 5 ی هەموو سالێك دانیشتوانی ولآتی نەرویج ئاهەنگی سەربەخۆی نیشتیمانی خۆیان دەگێرن , ئەم سال لەم ڕۆژەدا 101 مین سالرۆژی سەربەخۆی نیشتمانی نەرویجە . بەم بۆنەیەوەیە لەسەرتاسەری ئەم ولآتە ئاهەنگی یەكجار گەورە سازدەكرێت . شایەنی بەسە كە نەرویجیەكانی لە 1905.5.17 لەرێگایی ریفراندۆمێكەوە كویتایین بە سیستەمی فیدالی (یەكگرتنەوەی ئارەزۆمەندانە)ی خۆیان هینا لەگەل ولاتی سوید كە سالی 1814 چۆبنە ناو یەكگرتنێكی ئارەزۆمەندا لەگەل ولاتی سوید كە لەسالی 1814 تاكۆ سالی 1905 بوو .وە پێش ئەوە لەژێر دەستی مەملەكەتی دەنیدمارك بوون هەر لەسالی 1380 تاكۆ 1814 . ئاهەنگ گێران بەبۆنەی 17 . 5 وە دوای 1814 یەكەم جار لە شاری ترۆندهایم دەستی پێكرد وەدواتر لە شوێنەكانی تری ولآت . سەرەرای ئەوەی كە شاهی سوید زۆر هەوڵی دەدا كە یادی 5.17 سازنەكرێت وە ئاهەنگ بەم بۆنەیەوە نەگێرن . سەرەتا نەرویجیەكان دوای سالی 1814 بە خۆپێشاندان ورێپێوان وكاروانی منالآن (مەسیرە ) یان دەست بێكرد وە وەدواتر بۆ بە نەێكی سەرتاسەری ونیشتیمانی .
وەنەرویجیەكەن ئاهەنگی وجەژنی سەربەخۆی خۆیان دەگێرن لەبەر دوو هۆیی سەرەكی یەكەمیان ئەوەیە كە لە رۆژی
1814.5.17 یەكەم دەستوری (یاسای بنەرەتی ) نەرویجی لەلایەن 112 كەسی شارەزای نەرویجی یەوە نوسرا , وەهەروەها لە 1905.5.17 بریاری سەربەخۆی خۆیان دا لەرێگای ریفراندۆمێكەوە وەكوتاییان هینا بەر بەیەكگرتنەوەی ئارەزۆمەندانەی خۆیان لە گەل ولاتی دەندیماک كە لە سالی 1814 تاكو 1905 بوو وە 91 سال بەیەكەوە لەناو ئە یەكگرتنەوەی ئارەزۆمەندانە مابوون

2006.5.13 نەرویج

bekesmayn@yahoo.no